ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## پاڵپشت کردنی وەگەڕخەری کۆمپیوتەر.

نووسەر: @:

پاڵپشت کردنی وەگەڕخەری کۆمپیوتەر.
زۆر جارێک بە هۆی ئەوەی کە کۆمپیوتەر فۆرمات دەکرێت و سەر لە نوێ سیستەمی بۆ دادەمەزرێتەوە، ناسینەوەی وەگەڕخەرەکانی / Deriver ئەو کۆمپیوتەرە لە لایەن (ویندۆز) ـەوە، هەموو کات کارێکی ئاسان نابێت و لە زۆربەی کاتدا پێویست دەکات کە بەکارهێنەر بە دوای پرۆگرامەکانی وەگەڕخەرەکان بگەڕێت و ئەوەش بۆ هەموو کەس کارێکی ئاسان نیە.
من لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم:
1> چۆنیەتی پاڵپشت کردنی ئەو وەگەڕخەرانەی کە ئێستا لە سەر کۆمپیوتەرەکەت دامەزراون و بێ کێشە کار دەکەن،
2> چۆنیەتی سووتاندیان بۆ سەر سیدی و
3> پاشان بەکار هێنانەوەیان پاش فۆرمات شی دەکەمەوە. هیوادارم سوودی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە سیدی تایبەتیان نیە بە پرۆگرامەکانی وەگەڕخەری کۆمپیوتەرەکانیان و لە رێی ئەم بابەتەوە بتوانن سیدی پێویست دروست بکەن و لەداهاتوودا سوودی لێ ببینن.
لەم بابەتەدا دوو پرۆگرام بەکار دەبرێت،
1> پرۆگرامی WinDriver Ghost کە دەتوانی لێرە بۆ دایبگریت و بۆ ماوەیەکی کاتیی بەکاری ببەیت و پاشان بیکڕیت.
2> پرۆگرامی نیرۆ بۆ سووتاندنی ئەو پاڵپشتەی کە لە پرۆگرامەکانی ئێستایی وەگەڕخەرەکان دروست دەبێت.
پاش داگرتن و دامەزراندنی پرۆگرامی WinDriver Ghost، پرۆگرامی ناوبراو بکەوە.
کاری WinDriver Ghost ئەوەیە کە زانیاری تەواو و دروست سەبارەت بە پرۆگرامی وەگەڕخەرەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت کۆ بکاتەوە و پاشان لە شوێنێکی دیاریکراو دا پاشەکەتیان بکات.
پێش کارکردن لەگەڵ پرۆگرامەکەدا پێم باشە بوخچەیەک لە شوێنێکی کۆمپیوتەرەکەت دروست بکەیت بە ناوی My Drivers بۆ ئەوەی هەموو زانیاری وەگەڕخەرەکان بە شێوەیەکی خاوێن و ڕێک و پێک لەوێدا پاسەکەوت بکرێن.
پاش کردنەوە، کرتە بکە سەر Collect All بۆ کۆکردنەوەی هەموو پرۆگرامەکانی وەگەڕخەرەکان لەگەڵ زانیاریەکانیان.




پاشان لە لیستەی Make دا Make All کرتە بکە بۆ پاشەکەوت کردنی ئەو زانیاریە کۆکراوانە.




پێویست دەكات كە شوێنێك هەڵبژێری بۆ پاشەكەوتكردنی زانیاریەكان تێیدا، بۆیە بوخچەی My Drivers هەڵبژێرە كە پێشتر دروستت كرد.




پەیامێك دێتە پێشەوە كە دەڵێ گەر ویستت وازبێنی لەو كردارە، دەتوانی كرتە لە Stop بكەیت. OK كرتە بكە و ئەو پەیامە دابخە. پاشان چاوەڕێ بە تا پاشەكەوت كردنی هەموو زانیاریەكان بە سەركەوتوویی كۆتایی پێدێت. پاش تەواوبوون بە سەركەوتوویی پەیامێكی وەك ئەوەی خوارەوە دێتە پێشەوە.



جارێکی دیکه OK کرته بکه.

بەو شێوەیه گەر چاوێک بکەیت لە بوخچەی My Drivers دەبینی کە چەندین بوخچەی تێدا دروست بووە و هەر یەکە لەو بوخچانە زانیاری وەگەڕخەرێکی لە خۆ گرتووە.

---- سووتاندن بۆ سەر سیدی.

گەر ویندۆز XP بەکار د ێنی، دەتوانی زۆر بەئاسانی وەک لەم بابەتەدا ڕوون کراوەتەوە، بوخچەی My Drivers بسووتێنیتە سەر سیدی یەک.

سیدی سووتاندن لە ویندۆز XP.

گەر ویندۆز XP بەکار ناهێنیت، دەتوانی پرۆگرامی نێرۆ بەکار ببەیت و بەچەند هەنگاوێکی کورت پەڕگەکان بسووتێنیتە سەر سیدی.

پەڕگە سووتاندنەکە لەگەڵ وەشانی شەشەمی پرۆگرامی نێرۆدا جێبەجێ کراوە.

Nero Burning Rom بکەوە، پاشان CD-Rom وەک پرۆژەی کار هەڵبژێرە،




New کرته بکه بۆ کردنەوەی پرۆژەی کاری دیاریکراو.

پاشان پەنجەرەیەکی وەک ئەوەی خوارەوە دەکرێتەوە.




لە بەشی ڕاستدا بوخچەی My Driver دەستنیشان بکە.
پاشان ڕایبکێشە بۆ بەشی چەپ و بۆ سەر ناوی سی‌دی ـەکە لە بەشی چەپدا.
بۆ سووتاندن کرتە بکە لە سەر دووگمەی Burn The Current Compilation. واتە ژمارە 4.
لەو پەنجەرەیەی کە دەکرێتەوە، جارێکی دیکە Burn کرتە بکە، چاوەڕوانبە تا تەواوبوونی پرۆژەی سووتاندن بە سەرکەوتوویی.




پەیامێک دێت کە ئاگادارت دەکاتەوە لەوەی کە پەرگەکان بە سەرکەوتوویی سووتێندران، OK کرتە بکە.

بەو شێوەیە سی‌دیەکت دروست کرد کە هەموو وەگەڕخەرەکانی کۆمپیوتەرەکەتی لە خۆ گرتووە.
---- سوودی ئەو سی‌دی یە پاش فۆرمات!
وەک لە هەوەڵی بابەتەکەدا ئیشارەم پێداوە، کە پاش فۆرمات کردن، سیستەم زۆربەی کات توانانی ناساندنەوەی هەموو وەگەڕخەرەکانی نیە. بۆ نموونە پاش فۆرمات کردن کە بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر کرتەیەک بکەیتە سەر My Computer و پاشان Properties کرتە بکەیت، لە بەشی Hardware دا Device Manager کرتە بکە.
لە پەنجەرەی تایبەت بە Device Manager دا دەبینی کە هەندێک وەگەڕخەر هێمای پرسیاریان لە تەنیشتە و بە تەواوی کار ناکەن. بۆیە پێویست دەکات پرۆگرامی وەگڕخستنیان بۆ دابمەزرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بەلای ڕاستدا کرتەیەک بکە سەر وەگەڕخەر و پاشان Update Driver کرتە بکە.




پەنجەرەیەک دەکرێتەوە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو شوێنەی کە پرۆگرامەکانی تێدا یە، دەتوانی Install From a List Or Specific Location هەڵبژێریت و پاشان Next کرتە بکە.




دڵنیا به که خاڵی Search Removable Media چالاک کراوه.
جارێکی دیکه Next کرته بکه و پاس ئـهوهی کـه سیستهم پرۆگرامی وهگهڕخهری دۆزیـهوه بـهردهوام دهبێت و تـهنیا پێویست دهکـات خۆت چهند کرتهیهکی لێ بکهیت.




کۆتایی.

Oct 2005 31

**Cosmetic Surgery**
**The Cosmetic Surgery Clinic Procedures for both Women and Men**

**Tighten Sagging Skin**
**30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin**

Ads by Google